DTM IOM DISPLACEMENT TRACKING MATRIX | RWG Iraq Returns Working Group | Social Inquiry

پێرستی گەڕانەوە

# دەرئەنجامەکانی گەڕی ٢٠ – عێراق

ماوەی کۆکردنەوەی داتا: ئەیلول تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣

نیسانی ٢٠٢٤

## ژینگە

پێرستی گەڕانەوە ئامرازێکە بۆ ئەوە دیزاینکراوە و دروستکراوە کە ڕاددەی سەختی و دژواری دۆخی ژیان و گوزەرانی شوێنەکانی گەڕانەوە بپێوێت. کۆکردنەوەی داتای گەڕی ٢٠ی پێرستی گەڕانەوەی لە ماوەی نێوان ئەیلول تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣ لەسەرانسەری ٩ پارێزگا، ٣٩ قەزا و ٢,١٨٧ شوێن لە عێراق ئەنجامدرا. لە ماوەی ئەم گەڕەدا ١٧ شوێنی دیکەی زیاتر لەکۆی گشتی شوێنەکانی گەڕانەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ کرا.

## دانیشتوانی گەڕاوە کە دۆخی ژیان و گوزەرانیان سەخت و دژوارە

- لەکۆی ئەو ٢,١٨٧ شوێنە گەڕانەوانەی کە هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە، ٤٦٥ شوێنیان دۆخی ژیان و گوزەرانی ئێستایان سەخت و دژوارە کە ئەو شوێنانە لە ١٢٪ی کۆی دانیشتوانی گەڕاوەیان لەخۆگرتووە، واتە ٦٠٤,٦٥١ هاوڵاتی.
- زیادبوونی ٤,١٧٦ گەڕاوەی کە لە دۆخی ژیان و گوزەرانی سەخت و دژواردا دەژین بەدیکرا لەوەتەی گەڕی پێشوو کە لە ماوەی نێوان نیسان – ئابی ٢٠٢٣ بوو، ئەو کات ڕێژەی ئەو هاوڵاتیە گەڕاوانەی کە لە دۆخی ژیان و گوزەرانی سەخت و دژواردابوون هەر لە ١٢٪ بوو، واتە، (٦٠٠,٤٨٠ هاوڵاتی).

## خراپتربوونی ڕەوشەکە

- گەورەترین زیادبوون لە پارێزگای سەڵاحەددین تۆمارکرا (٦,٦٤٢ هاوڵاتی)، ئینجا لە پارێزگای نەینەوا بە (١,١٠٤ هاوڵاتی) و پاشانیش لە پارێزگای ئەنبار بە (١٢٠ هاوڵاتی).
- لەپارێزگای سەڵاحەددین دا، بەرچاوترین زیادبوون لە قەزای بێجی بەدیکرا، کە ٥,٧٨٤ گەڕاوەی دیکە تۆمارکراون. ئەم زیادبوونە دەگەڕێتەوە بۆ دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن و خراپی بارودۆخی ژیان لە ناوچەکانی ئاوارەبوونیان دا. زۆربەی گەڕانەوەکان لە ناحیەی سینییە تۆمارکراون، کە تا ئێستاش ڕووخانی شوێنی نیشتەجێبوون و بوژانەوی هێواشی شوێنەکانی کارکردن و بازرگانی و سنوورداربوونی دەستڕاگەیشتن بە کار و خراپی دابینکردنی خزمەتگوزاریی حکومی و ئاو و کارەبا، هاوکاتن لەگەڵ هەبوونی ترس و نیگەرانییەکان لەبارەی مین، توندوتیژی، داگیرکردنی نایاسایی شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت و ڕێگریکردن لە گەڕانەوەکان.
- لە پارێزگای نەینەوا، بەرچاوترین زیادبوون لە قەزاکانی بەعاج و حەمدانییە تۆمارکران. لەم گەڕەدا، بە گشتی شەش شوێنی دیکە لە قەزای بەعاج وەک شوێنی بارودۆخ سەخت و دژواری هەڵسەنگێندراون و سێ شوێنی دیکەش لە قەزای حەمدانییە. لە قەزای حەمدانییە، سێ لەو شوێنانەی کە تازە هەڵسەنگێندراون ٨١٠ کەسی گەڕاوەیان هەبوو کە بارودۆخی ژیانیان سەخت و دژواربوو. ئەمەش بەهۆی کەمی پێدانی کاژێرەکانی کارەبا و وێرانبوونی خانوو و نەبوونی هەلی کار. قەزای بەعاج بەردەوام بەدەست خراپی دەستڕاگەیشتن بە خستنەسەرکار و خزمەتگوزارییە حکومییەکان دەناڵێنێت، هەروەها بەدەست کەمی دابینکردنی ئاوی پێویست کە لە ناحیەی قەعتانیەوە بۆی دێت دەناڵێنێت، ترس و نیگەرانیشیان هەیە لەبارەی توندوتیژی و بازگە و خاڵەکانی پشکنین کە لەلایەن هێز و لایەنە ئەمنییەکانی دیکەوە لە ناوەندی ناحیەی بەعاج-ەوە کۆنترۆڵکراون.

شێوەی ١: ڕێژەی گەڕاوان بەپێی جۆری سەختی و دژواری دۆخی ژیان و گوزەران

| زۆر سەخت و دژوار | سەخت و دژواری مامناوەند | سەخت و دژواری کەم |
|---|---|---|
| ٪١٢ | ٪٤٠ | ٪٤٨ |
| ٦٠٤,٦٥١ گەڕاوە | ١,٩١٢,٦١٤ گەڕاوە | ٢,٣٤٥,٣٥٢ گەڕاوە |

- پارێزگای ئەنبار بە شێوەیەکی بەرچاو زیادبوونی گەڕانەوە تێدا تۆمارکرا، ئەمەش لە قەزای هیت بەدیکرا دوای گەڕانەوەی (زۆربەی ئاوارەکان لە هەولێر و لە کامپی جەددعە)، ئەمەش دوای ئەوەی مۆڵەت و ڕێگەپێدانی ئەمنیان وەرگرت؛ بەڵام ناوچەکە لەڕووی ترسو نیگەرانییە ئەمنییەکان لە ئاستێکی بەرزدایە، چونکە هاوڵاتیان هێشتان نیگەرانن لە هەبوونی توندوتیژی، بەتایبەتی لە ئەگەری ئەنجامی هێرشەکانی داعش. جگە لەوەش، نیگەرانن لە هەبوونی گروپە چەکدارەکانی دیکەی دەرەوەی هێزە ئەمنییەکان، هەروەها هاوڵاتیان لە بازگەکاندا ڕووبەڕووی هەراسانکردن دەبنەوە، ئەمەش بەردەوام ئاستەنگ و ئاڵنگاریان بۆ دروست دەکات.

## بەرەوپێشچوونی دۆخەکە

گەورەترین کەمبوونەوە لە ژمارەی ئەو گەڕاوانەی کە لە دۆخی ژیان و گوزەرانی سەخت و دژاواردا دەژین لە پارێزگای دیالە دا تۆمارکرا (-٢,٧٩٠ هاوڵاتی)، ئینجا لە پارێزگای بەغدا بە ٥٤٦ کەس و پاشان لە پارێزگای کەرکووک بە ٤٤ کەس.

- ئەم کەمبوونەوەی پارێزگای دیالەش بە شێوەیەکی سەرەکی لە قەزاکانی مقدادییە و خانەقین بوو کە بەهۆی باشتربوونی پێدانی کارەبا و دابینکردنی ئاو بوو. بەڵام قەزای مقدادییە بەرەوپێشچوونێکی هێواشی بەخۆییەوە بینی لەڕووی کار و بزنس و کشتوکاڵ، هەروەها ناوەندی ناحیەی خانەقین-یش دابینکردنی ئاو بەپێی پێویست نەبوو. لە پاڵ ئەمانەش دا، هێشتا نیگەرانی لە هەردوو قەزاکەدا سەبارەت بە هەبوونی توندوتیژی و بازگەکان هەبوو کە کۆنترۆڵ و بەڕێوەبردنیان لەلایەن هێز و لایەنە ئەمەنییەکانی دیکەیە.
- لە پارێزگای بەغدا، کەمبوونەوەکە بە شێوەیەکی سەرەکی لە قەزای تارمیە بەدیدەکرێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە لەڕووی پێدانی کاژێرەکانی کارەبا و دابینکردنی ئاووە بەرەوپێشچوونی بەخۆییەوە بینیووە، لەگەڵ ئەوەش دا هێشتا بوژانەوەی لایەنی کشتوکاڵی و ئیش و کار و بزنس هێواش و لەسەرخۆیە.
- لە پارێزگای کەرکووک، کەمبوونەوەکە زیاتر لە قەزای حەوجیە تۆمارکراوە بەهۆی ئاوەدانکردنەوەی بەشێک لە خانووە وێرانبووەکانی قەزاکە؛ بەڵام هێشتا دۆخەکە لەڕووی خزمەتگوزارییەکانی کارەبا و ئاو زەحمەتە، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ نیگەرانییە ئەمنییەکان سەبارەت بەو بازگە و خاڵە پشکنینانەی کە کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنیان لە دەست لەلایەن هێز و لایەنە ئەمنییەکانی دیکەیە.

## ڕێباز

پێرستی گەڕانەوە لەسەر ١٦ دەرخەر کە دابەشبوون بەسەر دوو بواردا دروستبووە:١. کاروکاسبی و بژێو ژیان لەگەڵ خزمەتگوزارییەکان،٢. تەبایی کۆمەڵایەتی و هەستکردن بەسەلامەتی. بۆ کۆکردنەوە و هەژمارکردنی خەڵەکان، مۆدێلی پەیوەندییەکان بەکار هێنراوە لە هەڵسەنگاندنی کاریگەری هەر یەکێک لە دیارخەرەکان لە کارئاسانیکردنی یان ڕێگریکردنی گەڕانەوە. خاڵەکانی هەر بوارێک و تێکڕای پێرستەکە بەیەکەوە کراونەتە گروپ و بەسەر سێ جۆر و پۆل دا: کەم، مامناوەند و زۆر لەڕووی سەختی و دژواری دۆخی ژیان و گوزەرانەوە. بۆ زیانیاری زیاتر لەسەر میتۆد، تکایە بڕوانە خستنەڕووی میتۆد.

**٤,٨٦٢,٦٢٢ گەڕاوە**
+١٧,٠١٠ لەوەتەی گەڕی ١٩
لە (ئایار تا ئابی ٢٠٢٣)

| ٩ | ٣٩ | ٨١٠,٤٣٧ | ٢,١٨٧ |
|---|---|---|---|
| پارێزگا | قەزا | خێزان | شوێن<br>١٧ شوێن زیادی کردووە لەوەتەی گەڕی ١٩ |

ماوەی کۆکردنەوەی داتا: لە ئەیلول تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣

خشتەی ١: ژمارەی گەڕاوان و شوێنەکانیان لە هەر پارێزگایەک دا بەپێی سەختی و دژواری دۆخی ژیان گوزەرانیان

| | بەرز/زۆر | | مامناوەند | | کەم/نزم | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگا | ژمارەی گەڕاوان | شوێنەکان | ژمارەی گەڕاوان | شوێنەکان | ژمارەی گەڕاوان | شوێنەکان | ژمارەی گەڕاوان | شوێنەکان |
| ئەنبار | ٥٩,٤٦٠ | ١٦ | ٧٣٤,٢٦٢ | ٢٠٣ | ٧٥٥,٢١٤ | ١١٢ | ١,٥٤٨,٩٣٦ | ٣٣١ |
| بابل | ١,٨٦٠ | ٢ | | | | | ١,٨٦٠ | ٢ |
| بەغدا | ١,١٢٨ | ٤ | ٩,٩٨٤ | ١٦ | ٨٣,٤٧٨ | ١٠٢ | ٩٤,٥٩٠ | ١٢٢ |
| دهۆک | | | | | ٧٤٤ | ١ | ٧٤٤ | ١ |
| دیالە | ٥٣,٣٥٨ | ٥١ | ١٥٧,٥١٢ | ١١٨ | ٣٠,٣٦٦ | ٥٥ | ٢٤١,٢٣٦ | ٢٢٤ |
| هەولێر | ٤,٦٥٦ | ١٥ | ١٢,٠٧٨ | ٢٩ | ٤٦,٠٣٢ | ٢٤ | ٦٢,٧٦٦ | ٦٨ |
| کەرکووک | ٢,٥٠٨ | ١٣ | ٧٣,٤٨٢ | ٧٠ | ١١٥,٦٥٦ | ١١٣ | ١٩١,٦٤٦ | ١٩٦ |
| نەینەوا | ٢٧١,٤٢٢ | ٢٩٣ | ٦١٧,٢٨٠ | ٤٤٣ | ١,٠٧١,٨٥٨ | ٢٦١ | ١,٩٦٠,٥٦٠ | ٩٩٧ |
| سەڵاحەددین | ٢١٠,٥٦٤ | ٨٣ | ٣٠٨,٠١٦ | ٨٨ | ٢٤٢,٠٠٤ | ٧٥ | ٧٦٠,٢٨٤ | ٢٤٦ |
| کۆی گشتی | ٦٠٤,٦٥٦ | ٤٧٧ | ١,٩١٢,٦١٤ | ٩٦٧ | ٢,٣٤٥,٣٥٢ | ٧٤٣ | ٤,٨٦٢,٦٢٢ | ٢,١٨٧ |

## ئەو پارێزگایانەی شوێنە گەرمەکانی سەختی و دژواری دۆخی ژیان و گوزەرانن

پۆلێنکردنەکە لەسەر بنەمای ناحیەیە/شارەدێیە، ئەگەر خاڵەکانی سەختی و دژواری دۆخی ژیان و گوزەرانیان بەرز بوو، بەلایەنی کەم لە یەکێک لەم دووانە (کاروکاسبی و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان، یان سلامەتی و تەبایی کۆمەڵایەتی)، یان ئەگەر خاڵەکانیان مامناوەند بوو، بەڵام تارادەیە ژمارەیەکی زۆری گەڕاوەیان لەخۆ گرتبوو، بەلایەنی کەمەوە، ٦٠ هەزار گەڕاوە، لەو ناحیەیەدا.

لەم گەڕەی ئێستادا، لە کۆی پێنج پارێزگا دا سی و یەک شوێنی گەرم دەستنیشانکران. بە بەراورد بە گەڕی پێشوو کە لە ماوەی نێوان ئایار-ئابی ٢٠٢٣ داتای کۆکرابووەوە، هەموو شوێنە گەرمەکان وەخۆیان ماونەتەوە، جگە لە ناحیەی ناوەندی تکریت نەبێت لە قەزای تکریتی پارێزگای سەڵاحەددین دا، کە لە لیستی شوێنە گەرمەکان دەرهێنرا بەهۆی بەرەوپێشچوونی پێدانی خزمەتگوزارییەکانی ئاو و کارەبا لە زۆربەی شوێنەکانی ناوەندی ئەم ناحیەیە دا.

### سەڵاحەددین

#### ٤٩٠,٣٤٤ گەڕاوە لە شوێنە گەرمەکان

- ئامرلی
- ناوەندی دوجێیل
- ئیشاقی
- موعتەسیم
- سینییە
- مەرکەزی بەلەد
- مەرکەزی دۆرە
- مەرکەزی شەرگات
- مەرکەزی بێجی
- مەرکەزی سامەڕا
- سلێمان بەگ
- یەسریب

### نەینەوا

#### ٦١٧,٦٥٨ گەڕاوە لە شوێنە گەرمەکان

- قەعتانیە
- گەیارە (نوێیە)
- شەمال
- ئەیادیە
- حەمام عەلیل
- مەرکەزی بەعاج
- مەرکەزی شنگال
- مەرکەزی تەلەعفەر
- قەیرەوان
- زوممار

### ئەنبار

#### ٤٠٠,٨٨٤ گەڕاوە لە شوێنە گەرمەکان

- عامریە
- فوڕات
- گەرمە
- حوسەیبە شەرگات
- مەرکەزی قائیم
- مەرکەزی هیت

### دیالە

#### ٨٣,٧٨٤ گەڕاوە لە شوێنە گەرمەکان


- جەلەولا
- قەرەتەپە

### بابل

#### ١,٨٦٠ گەڕاوە لە شوێنە گەرمەکان

- ئەسکەندەرییە

نەخشەی ١: چڕی دانیشتوانی گەڕاوە بەپێی تێکڕای خاڵی سەختی و دژواری




ئەم نەخشەیە تەنیا بۆ مەبەستی دەرخستن و نیشاندانە. ئەو ناو و سنوورانەی کە لەم نەخشەیەدا هاتوون مانای پەسەندکردنی فەرمی ڕێکخراوی IOM ناگەیێنن.

نەخشەکە سەختی و دژواری دۆخی ژیان و گوزەران نیشاندەدات لەسەر بنەمای قەبارەی دانیشتوان و خاڵەکانی سەختی و دژواری هەریەکێک لە شوێنە هەڵسەنگێندراوەکان. ڕەنگە تۆخەکان زۆر چڕی ئەو خێزانانە نیشاندەدات کە گەڕاونەتەوە و دۆخی ژیان گوزەرانیان سەختە، لەو کاتەی ڕەنگە دەرەوشاوە و بریسکەدارەکان ئەوە نیشاندەدەن کە سەختی و دژواری دۆخی ژیان گوزەران لە ئاستێکی کەمترە یان ئەو ناوچانەی ئاستی گەڕانەوەیان کەمترە.

### ئەســتۆپاکی

مەرج نییە ئەو دیدو بۆچوونانەی کە لەم ڕاپۆرتە دا خراونەتەڕوو ڕەنگدانەی دیدو بۆچوونەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) بن. دابەشکردنی شوێنەکان وخستنەڕووی کەرەستەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە، هەر چیەک بن، مانای گەیاندن و دەربرینی هیچ بیروبۆچوونێک ڕێکخراوی (IOM) نایەن سەبارەت بە باری یاسایی هەر وڵاتێک، هەرێمێک، شارێک یان ناوچەیەک، یان سەبارەت دەسەڵاتداران، یان دەربارەی سنوور و مەوداکانەوە.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) سوپاسی نووسینگەی کۆچ، پەنابەران و دانیشتووانی سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (PRM) و ڕێکخراوی (USAID) دەکات بۆ پاڵپشتییەبەردەوامەکانیان.

USAID FROM THE AMERICAN PEOPLE | IOM UN MIGRATION

© ڕێکـخـراوی نێودەوڵـەتی کـۆچ (IOM) ٢٠٢٤

پێویستە بەم شێوەی خوارەوە سایتەیش و سەرچاوە نووسین ئەنجامبدرێت کاتێک داتا و زانیارییەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە و ئەم کارە کارە بەکاردەهێنرێت:

ڕێکخراوی نێودەولەتی کۆچ (IOM)، نیسانی ٢٠٢٤. پێرستی گەڕانەوە: دەرئەنجامەکان: گەڕی بیستەم. ڕێکخراوی (IOM)، بەغدا. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی مەرج و داخوازییەکانی ڕاپۆرتەکان و کارەکانی دیکەی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)، تکایە ئاماژە بەم لینکە بکە